


دوای ئـەوەی کـە لـە بەشـی یەکـەمی ئەم بابەتەدا باسی :

1. پێناسەی زێدەڕەوی و،
2. حوکمەکەی لە شەرعداو،
3. هۆکارو نیشانەکانیمان بـاس کرد.

بـە یشـتیوانی خـوا لـەم بەشەشـدا لـە لایەنــەکانی تــری بابەتەکــە دەدوێــین و دێینە سەر:

4. چەند دیاردەیەکیزێدەڕەوی:

**یەکەم: الـــتكفیر (کافر کردنی موسـڵمانان بە تاواو)**:

ئەم دیاردە ترسناکە تازە نییە بەڵکو هــەر لــە مێــژەوە هەڵگرانیهــەبووە، بەتایبەتی (الخوارج)، ئەم تاقمە گومڕایـە کەدەرچــوون لــە گوێڕایــەڵی خەلیفــەی موسـڵمانان(علـي بـن أبـي طالـب)(رضي الله عنه) وخوێنوماڵی موسڵمانیان حەڵاڵ کرد.

(ابـن عبـاس)چـوە لایـان و ئیسـلامی راستەقینەی بۆیان روون کـردەوە وبـیری چـەوتیانی پوچـەڵ کـردەوە و کـە بـووە هۆی گەڕانەوەی کۆمـەڵێکی زۆر لـێ یـان بۆ ناو کۆمـەڵگای موسـڵمانان، وەئـەوەی کە مایەوە لێیان بەدەستێکی پۆڵاین تارو مار کرا...

لەوکاتــەوە نـاو بـەناوە ئـەو بۆچـوونە چەوتە سەری هەڵئەدایەوەو کـپ دەکـرا، لــەم ســاڵانەی دوایــی دا بەشـێوەیەکی بەربڵاو لەناو موسڵماناندا تەشـەنەی کـرد وە دەستانی نادیار کۆمەك و پشتیوانیان لێـان دەکـرد بـۆ بڵاوبوونـەوەی لـە نێـو گەنجانـدا لەزۆربـەی وڵاتـانی ئیسـلامی وکوردستانی خۆمـانیش بێبـەش نـەبووە لــەو دەردە کوشـندەیە، سـەرباری ئـەو هــــەموو نـــا هەموارییـــە کەبەســـەر میللەتەکەماندا هـاتووە ..زۆربـەی تاقمـە (الفرق) هاوچـەرخەکان هـەڵگری ئـەم بـۆ

چـوونەن (الـتکفیر) پـێی بـزانن یـان نـا چونکە کاتێك ورد دەبیتـەوە لـە پـەیام و نووسـراوەکانیان و بـەراوردیان دەکـەی لەگـەڵ ڕێبـازی پێغەمبـەر و هـاوەڵانی، دوورن لەیەکـەوە، لەبـەر ئـەوەی ئـەوان (تاقمـەکان) لەسـەر ڕێبـازی (قورئـان وسوننەت)بـە تێگەیشـتنی پیـاو چاکانی پێشینین ناڕۆن و بەئاشکرا حوکمی کوفر دەدەن بەسەر کۆمەڵگای موسڵماناندا:

وەك سەید قطب لـە کتێـب(الظـلال)دا دەڵێ (انه لـيس علـى وجـه الارض اليـوم دولـة مسـلمة ولا مجتمـع مسـلم، قاعـدة التعامـــل فيـــه شـــريعة الله و الفقـــه الاسـلامي)[1]، واتـە/ئـەمڕۆ لەسـەر ڕووی زەویـدا نـە دەوڵـەتێکی موسـڵمان نـە کۆمەڵگایـــەکی موســـڵمان هەیـــە کـــە بنچـینەی هەڵسـوکەوت کـردن تێیـدا شـەریعەتی خـواو فیقهـی ئیسـلامی بێت (کە ئەمەش تـەکفیر کردنێتـی بـۆ هـەموو کۆمەڵگا و دەوڵەتەکان بەگشتی).

پاشـــان نـــاوی مزگەوتـــەکان بـــە پەرستگای جاهیلی دەبات و بە پێویستی دەزانێـــت لەســـەر موســـڵمانان کـــە دوورکەونـــەوە. لـــە کۆمـــەڵگاو لـــە مزگەوتـەکانیش سـید دەڵێـت: (اعتـزال المعابـد الجاهليـة و اتخـاذ بيـوت العصبة المسلمة مساجد نحسن فيها بالاعتزال عن المجتمع الجاهلي)[2].

پەروەردەکردنی گـەنجان لەسـەر ئـەم بـیرو باوەڕانـە بـەناوی ئـاینی پـیرۆزی ئیسـلامەوە، وە لادانیـان لـە ڕێگـەی پێغەمبەر و هـاوەڵانی، سەردەکێشـێ بـۆ زێـدەڕەوی و تونـدو تیـژی و تۆقانـدن و خـوێن ڕشـتن و....بۆیـە(تکفـیر) بناغـەو سەرچاوەی هەموو نەهامەتیـەك و خراپـە کارییەکـــە، پێویســـتە موســـوڵمان ئاگاداربێت لە فێڵ و تەڵەکـەی هـاوبیرانی (خـوارج) وکلکـەکانیان لـە کـافر کردنـی خەڵکیدا. چـونکە یەکـەم هـەنگاو وپلەیـە بۆ هـەر کـارێکی تونـد وتیـژی وهانـدانی موسـوڵمان بـۆ بەگـژا چـوونی کۆمـەڵگاو کاربەدەستان و گەیشتن بەو مەرامانە کە دەیانـەوێ–زێـدەڕەوان–لـەپارەو پـول و دەســـەڵات لەبەرجەســـتەکردنی بـــیری (تکفیر) کردنیخەڵکی لەناو خەڵکدا کـارە نامۆیەکانیان دەست پێدەکات.

خوێنـەری بـەڕێز لەبـەر دوورو درێـژی ئـەم باسـە نـاتوانین بـە تێـرو تەسـەلی بیخەینـە ڕوو، بۆیـە ئامـاژە بـۆ چـەند کتێبێك دەکەم کە بەجوانی و ئاشکرا ئەم لایەنـــە ڕوون دەکەنـــەوەو بۆچـــوونی هەڵگرانی بیری (تکفـیر) پوچـەڵ دەکـەن

(١) انظر : (في ظلال القران)(٢١٢٢/٤).

(٢) انظر : (في ظلال القران)(١٨١٦/٣).

لـه ژێـر ڕۆشـنایی قورئـان و سـوننەت و وتـەی زانـاو پیـاو چـاکانی پێشـینی ئـەم ئومەتە.

١-مظـاهر الاخطـاء في الـتكفير و التفسيق اسباب ذلك و علامة / د.صالح بن غانم السدلان.

٢.الحكم بغير ما انزل الله و اصول التكفير في ضوء الكتاب و السنة و اقوال سلف الائمة / د.خالد بن على العنبري.

٣-التحذير من فتنة التكفير / على حسن الحلبي الاثري.

٤-التحذير من فتنة التكفير / محمد بن جميل زينو، وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی لە ژێر ناونیشانی(ئاگادارکردنـەوە لەپەلەکردن لە کافرکردنـدا) وەرگێڕانـی / صلاح الدين عبدالكريم.

٥-الغلـو في الإسـلام / عبـدالرحمن اللويحق.

## دەیەم: جاردەی دەرچوە لە دارەدەستاە (الطحام):

ئـەم دیاردەیـە کۆنـەو بـەرووبوومی حکوم نەکردنە بەوەی کە خوای گـەورە دایبەزانـدوە، چـەند تـاقمێکی ئیسـلامی کـۆن گرتبویـە خـۆی، وە لەسـەر ئـەم پەیڕەوە چەند تاقمێکی تازە دەڕۆن.

ئەم تاقمانە دەڵێن ئەو حاکمەی کە حـوکم ناکـات بـەوەی کـە خـوای گـەرە دایبەزاندووە ئەوە (کافرە) بە بەڵگەی:

﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ﴾(٣).

بەبێ روونکردنەوەو تەفصیل و درێـژە پێـدان، لـەم خاڵـەوە ئـەم تاقمانـە(زێـدە ڕەوان) دەرچوون بـە وشـەو چـەك دژ بـە حاکمـەکان و حـەڵاڵ کردنـی خـوێن و ماڵیان و جار جاریش ناموسیان و فشار خسـتنە سـەریان بـۆ رووخـا نـدنیان و خۆیـان دەسـەڵات وەربگـرن یـاخود ئـەم حاکمـە بگەڕێتـەوە بـۆ جێبـەجێکردنی حـوکمی خـوا، هـەموو ئـەو شـتانە لەبـەر ئەوەی ئەم حاکمانە بـە بۆچـوونی ئـەوان کافرن.

مەسئەلەی (دەرچـوون) روونکردنـەوە یەکی زۆری دەوێو ئەبێ کەسانی خاوەن زانسـت و ژێـر قسـەی تیـادا بکـەن نـەك هـەرزەکارو نـەزان و ئـارەزوو خواسـت و زێدەڕەوییەکی دوور لە ئیسلام....

ئـەم خاڵـە پەیوەسـتە بـە ژیـانی کۆمـەڵگاو خـوێن ومـاڵ و ناموسـی خەڵکـەوە، هەڵـە لـەم مەسـئەلەیەدا شـیرازەی ژیـانی کۆمـەڵگا تێـك دەداو بەرەو لە ناووچوونی دەبات...

بـۆ روونکردنـەوەی ئـەم مەسـەلەیە دەڵـێن وەك چـۆن(ابـن ابـي العـز) لـە شـەرحی طحاویدا دەفـەموێت لـە حـوکم نەکردن بە قورئان سێ حاڵەتی تێدایە.

---

(٣) {سورة المائدة:٤٤}.

**(١) ئـەوەی كـە حـوكم بـە قورئـان ناكات و باوەڕی پێی نییە(كافرە):**

ئەگـەر (حـاكم) كاربەدەسـت بـوو دەرچوون دژی پێویستی بە مـەرجی زۆر هەیـە كـە لـە شـەرعدا روون كراوەتـەوە، ئـەبێ رەچـاوی بەرژەوەنـدی و خراپـی دەرچـوون بكرێـت و لایـەنی توانـاو بـەراوردی زەرەرو قـازانج دەرحـەق بـە خەڵكی و وولات بگرێت.

**(٢) ئـەوەی كـە حـوكم بـە قورئـان ناكات بەڵام باوەڕی پێی هەیە...ئەوە (ستەم كارو فاسق)ە:**

واتـە تاوانبـارە، حـوكمی تاوانبـاریش دیارە، دەرچوون دژ بەم كەسانە نابێت. بـەڵكو دەبێـت ئامۆژگـاری و ڕێنمـاییو دوعـای هیدایـەتی بـۆ بكرێـت و هاوكـاری بكەیت لەخێرو چاكەدا...

ئـەوەی حـوكمێكی كـرد پێچـەوانەی قورئـان بـوو بـەڵام لـە دوای هـەوڵ و كۆشـش و گـەڕان بـۆ دۆزینـەوەی حـەق ئەوە یەك ئـەجری هەیـە ئـەویش ئـەجری هیلاك بوون و گەڕانەكەی بـە دوای حـەق دا، نـەكافرەو نـە(سـتەمكارو فاسـق)ە بـەڵكو (مـأجور)ە، پاداشـت دراوە بـە چاكە. دەرچوون دژی بە هـیچ شـێوەیەك درووست نییە.

دەبێـت موسـڵمان ئاگـادار بێـت لـەم مەسئەلەیەدا، نـەك وەك زێـدەڕەوان هـەر حاكمێـك حـوكمی بـە قورئـان نـەكرد لـە شتێكدا ئەوە كافرەو دەبێ شۆرش بەرپا بكرێـت دژی یـا هەركاربەدەسـتێك تـاوانێكی كـرد ئـەوە كـافرەو دەبێـت بكوژرێـت، وە هـانی خـەڵكی بـدرێت بـە گژاچـوونەوە ئـەنجام بـدرێت و كـاری توونـدو تیـژی و تۆقانـدن بكرێـت، بـەبێ ئـەوەی ئاوڕێـك لـە شـەرعی ئیسـلام بدرێتـەوە وە ڕەچـاوی بەرژەوەنـدی كۆمەڵگاو وولات بكرێت.

**(٣) دیاردەی كوشتن وتیرۆر كردن وتەقاندنەوە وفڕاندن وكاری خۆكوژی:**

ئـەم دیاردانـە تـرس و دڵـە ڕاوكـێ و نائـارامی درووسـت دەكـان لـە نـاو كۆمـەڵگادا، ئـەم كـارەش لەبـەر چـی؟، تەنها لەبەر فشار خستنە سەر دەسـەڵات داران... بەڵام ئایە ئـەم كـارە شـەرعىیە یـان ناشـەرعىیە؟ زێـدەڕەوەوان بـە بـێ ئاوڕدانـەوە لـە(قورئـان وسـوننەت)و لێكدانـەوەی حـەڵاڵ و حـەرام و پـەیامی پیرۆزی ئیسلام ئەم كارە ئـەنجام دەدەن كە كارێكی غـەیرە ئیسـلامىیە و ئیسـلام قەدەغەی كـردووە بـە تونـدی. بـۆ زیـاتر زانین چەند دیاردەیەك دەخەینە ڕوو.

### أ-كوشتنی سەفیرو دیبلۆماسی كافر لە وولاتدا:

كوشتنی ئەو سەفیرو دیبلۆماسیانەی كە لە ولاتی موسڵمانانداندان دروست نییـەو

حەرامە بە بەلگەی ئەو حەدیسەی کە (نعیم)ی کوڕی (مسعود) دەیگێڕێتەوە و دەفەرموێت پێغەمبەر (ﷺ): بە هەردوو نێردراوەکەی موسەیلەمەی کەذابی ووت: ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە کە نێردراو نابێت بکوژرێت ئەوا لە گەردنتانم ئەدا[٤]، وە بە هامان شێوە قەدەغەیە کوشتنی ئەوەی کە دەوڵەت ئەمینی کردووە لە کافران یان ئەوەی پەیمانی پێدراوە یا اهل ذمة (گاورو جولەکە)، بە بەلگەی ئەم فەرموودەیە: (من قتل معاهداً لم يرح رائحة الجنة)[٥]، واتە: هەرکەسێك پەیمان پێدراوێك لە کافران بکوژێت ئەوا بۆنی بەهەشت ناکات.

یائەو کافرە پلەی بەرزتر بێت وەك سەرۆك ولات بێ، ئەوە تاوانەکەی گەورە ترە لە بەر ئەوەی فیتنەی گەورەتری لێدەکەوێتەوە.

ئەمە حوکمی ئیسلامە دەربارەی کوشتنی کافر لە وولاتی ئیسلامدا ئەو کافرانەی کە بۆجەنگ نەهاتوون، وە لە کاتی جەنگدا لە گەڵ کافراندا نابێت منداڵ و پیرو ئافرەتی کافر بکوژرێت کە جەنگ ناکەن.

جا ئەگەر ئەوە هەڵوێستی دینی ئیسلام و موسلمانان بێت بەرامبەر بە کافران جا دەبێت هەڵویستی چی بێت بەرامبەر موسلمان لە ناو دەزگاکان و بازاڕەکان و شوێنە گشتییەکان بەبێ تاوان بکوژرێن.

### ب-فراندنی فرۆکەو کەشتی و خەڵکی:

ئەم کارە زێدەڕەوان بەکاری دەهێنن وەك بارمتە و فشار خستنە سەر دەسەلاتدار، یا کردەوەی خۆکوژی ئەنجام دەدەن، کە دەبێتە هۆی خوێنڕشتنی خەڵکی بێ تاوان کە ئیسلام قەدەغەی کردووە بە توندی.

زانای پایە بەرز (ابن باز) رەحمەتی خوای لێ بێ دەربارەی ئەم کارانە دەفەرموێت: تاوانە ئەبێ حوکمی ئەو کەسانە کە ئەم کارە ئەنجام دەدەن حوکمی ڕێگریان بەسەردا بسەپێنرێ[٦].

### ج-کاری خۆکوژی ( العمليات الفدائيه الإنتحاريه ):

ئەم دیاردەیە (خۆ کوژی) هەرچەندە دژ بە کافرانی جەنگ دەکرێت کارێکە قەدەغەیە لە ئیسلامدا سنورێکی زۆر تەسکی هەیە لە ئەنجامدانیدا لە کاتی جەنگ کردن لەگەڵ کافری جەنگاوەر و هێرش بەر...، بەلگەی قەدەغە بوونی لە ئیسلامدا بە فەرمودەی پێغەمبەر (ﷺ):

(٤) احمد في المسند (٣٩١/١) قال محققه احمد شاكر اسناده صحيح.
(٥) اخرجه : البخاري (٣١٦٦).
(٦) مجموع فتاوى و مقالات متنوعة للشيخ ابـن بـاز (٢٧٦/١-٢٨٩).

(انه من قتل نفسه بشئ فأنه يعذب به في نار جهنم خالداً مخلودا فيها)[٧].

واتە: هەرکەسێك بە شتێك خۆی بکوژێت ئەوە لە ئاگری دۆزەخ سزادەدرێت پێی بە نەمری تیایدا دەمێنێتەوە هەتا هەتایە. ئەمە کاری جیهادی نییە دژ بە کافران، بەلام دەبینین زێدەڕەوان خۆیان مین ڕێژ دەکەن نەك بەرامبەر کافر بەلکو لە بازاڕو شوێنە گشتییەکانی ناو وولاتی موسڵمانان وێران کاری دەکەن و مالی خەلك وێران دەکەن.

**د-دیاردەی موزاهەرەو کاری توندو تیژی:**

ئەم دیاردەیە لە ئیسلامدا نەهاتووە بەلکو قەدەغەی کردوە کە دەبێتە هۆی نانەوەی ئاشوب و فیتنە و نەهێشتنی هێمنی و ئارامی و جاری واش هەیە دەبێتە خوێن ڕشتنی موسڵمانان.

هاندانی جەماوەر بەم کارە نامۆیە بە ئیسلام، جۆرێکە لە دەرچوون لە کاربەدەستان کە شێوازێکی ناشەرعیە دەبێتە هۆی جێگیرکردنی رق و کینە لە دلی خەلکیداو کەسانی خوێن گەرم و حەماسی هان دەدات بۆ کاری توندو تیژیکە لە بەرژەوەندی کۆمەلگادا نییە و چارەسەری کێشەکان ناکات، بێجگە لەوەی کە باسمان کرد لەوەیە دەسەلاتدار بە هێز وەلامی ئەم کارەبداتەوەو دبێتە هۆی رشتنی خوێنی دەیان بێتاوان کە هۆکارەسەرەکییەکەی ئەوانن کە هانی خەلکی ئەدەن بۆ ئەم کارە.

**هـ-دیاردەی کودەتاو ئینقلابی سەربازی:**

دروست کردنی گروپ و دەستەو شانەی نهێنی بۆ بانگەوازکردن بەناو بۆلای خوا کارێکی قەدەغەکراوە لە بەر ئەوەی دەبێتە هۆی گومان خراپی دەسەلاتدار و دژایەتی کردنی و لێ دانی بە توندی، چونکە دەسەلاتدار نازانێت بە کارو مەبەستی ئەم گروپانە ئەگەر لەسەر حەقییش بن.

زێدەڕەوان کارەکانیان بە نهێنی ئەنجام دەدەن نەبادا زانایان و شوێنکەوتوانیان لێ ئاگادار بکەنەوە لە کارە ناشەرعی یەکانیان.

یەکێك لەو کارە ناشەرعیانە دروست کردنی گروپ و دەستەی چەکدارە لە گەنجانی حەماسی و تێنەگەیشتوو لە ئیسلام، بۆ ئەنجام دانی لابردنی دەسەلات دارێك بە کودەتا (انقلاب)، کە دەبێتە هۆی فیتنەو ئاژاوەو کوشتنی دەیان موسڵمانی بێ تاوان و ئەزیەت دانی گەنجانی موسڵمان و بە تایبەت ئەوانەی کە دیاردەی سوننەتیان پێوە دیارە وئەهلی مزگەوتن، وە دەبێتە هۆی

(٧) اخرجه : البخاري (٥٧٧٨)، ومسلم (١٠٩-١١٠).

پڕ كردنی زیندانەكان لە موسڵمانی بێ تاوان.

ئەم كارە نامۆیە بە ئیسلامی پیرۆز بەرووبوومی دیارو ئاشكرایە وەك چۆن دەركەوت لە شاری (حماه) لە سوریا و لە مصر و لە جەزائیر... كە بووە هۆی خوێن ڕشتنی هەزاران موسڵمانی بێ تاوان و وولات دووچاری قەیران و كێشەو نائارامی دەكات.

## و-دیاردەی دەرچوون لە ڕژێمە گشتیەكان (الأنظمة العامة):

ئەم یاسایانەی كە دەسەلاتدار دەری دەكات بۆ بەرژەوەندی گشتی و بەڕێوەبردنی كارو كاسبی كۆمەلگاو سەقامگیری هێمنی و ئاسایش لە ناو ولاتدا دەبێت موسڵمانان گوێڕایەڵی بن و پابەندبن پێیانەوە گەر بەرهەڵستی ئاینی ئیسلامی نەدەكرد.

لە كاتێكدا ئەگەر دەسەلات دار ستەم كار بێت یان فاسق بێت تەنانەت ئەگەر كافریش بێت بەهیچ جۆرێك نابێت دەرچوون و دژایەتی ئەو كارئاسانیانە بكرێت كە بۆ بەرژەوەندی گشتی پەیڕەو كراوە.

بۆ نمونە یاساكانی هاتووچۆ كە بۆ بەرژەوەندی گشتی دانراوەو نمونەی تر زۆرن.

## ز-دیاردەی توندو تیژی لە بانگەواز دا:

زێدەڕەوان بە هۆی بێ ئاگابوونیان لە (قورئان سوننەت) و ڕێبازی پێشین چۆن لە بوارەكانی ژیاندا لە مامەڵە كردن لەگەڵ دەورو بەردا هەڵەن، بە هەمان شێوە لە بواری بانگەوازكردن بۆلای خوا بە هەڵەدا چوونەو ئەو بنەماو ڕێگەو ڕەوشت و هۆكارانە كە ئاینی ئیسلام دایناوە بۆ بانگەواز كردن دوور لێی و ڕێگەی توندو تیژی و زۆرجار كاری تێكدەرانە ئەنجام دەدەن وەك كوشتن و تەقینەوەو...

بەلام ئاینی پیرۆزی ئیسلام هانی موسڵمان دەدات بۆ بانگكردنی خەڵكی بۆ خێرو چاكە. بەنەرموو نیانی و بە ووتەی شیرین ودوور لە توندوتیژی و زۆرداری.

﴿ فبما رَحْمَةٍ منْ الله لنْتَ لَهُمْ وَلَو كُنْتَ فَظاً غَليظَ القَلْب لأنفَضوا منْ حَولكَ ﴾(٨).

واتە: ئەوە سۆزو بەزەیی خوای گەورەیە لە نەرم و نیانیت لە گەڵ هاوەلانتدا، وە ئەگەر تۆ ڕوگرژوو ودڵ ڕەق وبێ بەزەیی بویتایەئەوا خەڵكی دەورتیان چۆڵ دەكرد ولات نەدەمان.

وەكاتێك خوای گەورە (موسی وهارون)ی (علیهما الصلاة والسلام) نارد بۆ لای فیرعەون پێیانی فەرموو:

﴿فَقُلا لَهُ قَولاً ليناً لَعَلَهُ يَتَذَكَرُ أَو يَخشَى﴾(٩).

بەوتەی نەرمونیان قسەی لەگەڵ بكەن بەڵكو بیربكاتەوە یاخود بترسێ.

(٨) {سورة آل عمران:١٥٩}.
(٩) {سورة طه:٤٤}.

وەپیغەمبەر (ﷺ) بە عائیشەی فەرموو: (یا عائشة ان الله رفیق یحب الرفق ویعطي على الرفق ما لا یعطي على سواه)(١٠).

واتە: ئەی عائیشە خوای گەورە نەرمو نیانەو نەرموو نیانی خۆش دەوێت وەئەوەی بەنەرمو نیانی دەبەخشێت بە جگە لە نەرموو نیانی نابەخشێت.

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ادعُ الى سبیل ربك بالحكمة والموعظة الحسنة وجادلهم بالتي هي احسن﴾(١١).

واتە: بانگەوازی خەڵكی بكە بۆ دینی خوا بە دانایی و لەسەر سوننەت و بە ئامۆژگاری جوان و دەمەقاڵێ و گفتوگۆیان لەگەڵ بكە بە جوانترین و چاكترین شێوە.

## ح-تاقم گەرێتی و پارچە پارچە كردنی كۆمەڵگای موسڵمانان (حزبایەتی):

یەكێك لەو بنەما گرنگانەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام داكۆكی كردنە لەسەر یەك ڕیزی و یەك هەڵوێستی كۆمەڵگای موسڵمانان، نەك پارچە پارچە كردنیان و جیاوازی خستنە ناویان، بە تایبەتی تێكدانی ئاینیان وە درووست كردنی بیرو بۆچوونی جیاواز لە ئیسلام بە ناوی ئیسلامەوە. خوای گەورە لە رزۆر لە ئایەتەكانی قورئاندا جیاوازی و ناكۆكی قەدەغە دەكات وە هانی موسڵمانان دەدات بۆ یەكێتی بیرو ڕیز.

١-خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ وَاعتَصموا بحَبْل الله جَميعاً ولاَ تفرَقوا ﴾(١٢).

واتە: وە هەموو دەست بگرن بەدینی خواوە لێك جیانەبنەوە.

٢-خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ انّ الذینَ فَرّقُوا دینَهُمْ وكَانُوا شيَعاً لَسْتَ منْهُمْ في شَيءٍ إنّما أَمْرُهُمْ إلى الله ﴾(١٣).

واتە: بە ڕاستی ئەوانەی كە ئاینەكەی خۆیان پارچە پارچەو بەش بەش كردووە وە بوون بە چەند دەستەو تاقمێك وە هەر دەستەو تاقمێك شوێنی پێشەوایەكی خۆی كەوت وە دەستی گرت بە بەش و پارچەیەك لە ئاینەكەی خۆی، تۆ لێپرسراوی ئەوان نیت (تۆ دوورو بەریت لەوان وە هیچ پەیوەندیت پێیانەوە نییە)، وە كاری ئەوان هەر ئەگەڕێتەوە بۆ لای خوا.

٣-خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ وأنّ هَذا صراطي مُسْتَقيماً فاتبعُوهولاَ تتبَعُوا السُبُل فتفرّقَ بكُمْ عَنْ سَبيله ﴾(١٤).

واتە: بە حەقیقەت ئەمە ڕێگای منە كە ڕاست و درووستە جا بەوەدا بڕۆن وە

(١٠) اخرجه : مسلم (٢٥٩٣).

(١١) {سورة النمل:١٢٥}.

(١٢) {سورة آل عمران:١٠٣}.

(١٣) {سورة الأنعام:١٥٩}.

(١٤) {سورة الانعام:١٥٣}.

به ڕێبازی تردا مەڕۆن نەوەك ئێوە لە ڕێگای خوا جیا بکاتەوە (لارێ بن).

٤-خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ تَفَرَّقُوا وَاخْتَلَفُوا ﴾(١٥).

واتە: وەکو کەسانێك نەبن کە لێك جیابوونەوەو وە دژایەتیان لە گەڵ یەکدا کرد.

٥-خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ*مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا ﴾(١٦).

واتە: لە هاوبەش بڕیاردەران مەبن کە دینی خۆیان لەت لەت کردو بوونە دەستە دەستە.

زێدەڕەوان بە پێچەوانەی ئەم هەموو ئایەتانەی قورئان و چەندەها فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) کە بە توندی جیاوازی و ناکۆکی لە ئایندا قەدەغە دەکات، ئەوان لە هەوڵی بەردەوام دان بە هەموو هۆکارێك بۆ درووست کردنی جیاوازی و ناکۆکی لە ناو موسڵمانان دا هەر لە دروست کردنی تاقم و گروپ و حیزبی جۆراو جۆر بەناوی ئیسلامەوە وە هەموی دژ بەیەك و ناکۆك وە دوور لە ئیسلام چ لە بیرو باوەڕدا وە چ لە ڕێگاو ڕێبازدا.

بۆیە زێدەڕەوان خۆیان جیادەکەنەوە لە موسڵمانان وە خۆیان و ئەوانەی کە لەگەڵ تاقمەکەیاندا بێت بە باشترو چاکتر دەزانن، وە غەیری خۆیان هەرچەندە شارەزاو لە خواترس بێت ئەوا پلەی نزمترە لە خۆیان ئەگەر بە دەرچووله ئیسلام نەیدەنە قەڵەم؟!.

## چارەسەر

بۆ هەمو دەردێك چارەسەرێك هەیە، زێدەڕەوی بە هەمو شێوەکانییەوە چارەسەری گونجاوی هەیە، ئەتوانین لە چەند خاڵێکدا بە کورتی باسی بکەین.

١-مەرج نییە هەموو جۆرە زێدەڕەویەك هۆکارەکەی ئایین بێت، چونکە هۆکاری زێدەڕەووی زۆرن، وەك (ستەم، چینایەتی، ڕەگەزایەتی، ڕەنگ، چاوچنۆکی، تەماع، جیاوازی ئاین، دەمارگیری بۆ نەتەوە یا زمان یا فراوانکردنی دەسەڵات، هەواو ئارەزوو،... هتد) ئەم هۆکارانە کە باسمان نەکردووە لەم نووسینەدا لەبەر ئەوەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ئاینەوە نیە و باسەکەمان دەربارەی (زێدەڕەوی لە ئایندا) بوو.

بۆ ئەوەی ئەم جۆرە زێدەڕەویانە چارەسەر بکرێت پێویستە چارەسەری هۆکارەکانی بکرێت بۆ ئەوەی ئەو دیاردەیە نەمێنێ بەماف دان و دۆزینەوەی ڕێگە چارە بۆهۆکارەکانی مرۆڤی (زێدەڕەو) دەبێت وەك نەخۆشێك

---

(١٥) {سورة آل عمران:١٠٥}.

(١٦) {سورة الروم:٣١-٣٢}.

سەیر بکرێت بە دوای چارەی گونجاوو چارەسەری ئەو دەردە کە تووشی بووە بگەڕێیت، وەك دکتۆرێك کە چۆن بە دانایی و لێزانین و نەرموو نیانی چارەسەری نەخۆشەکانی دەکات، بە بەکارهینانی دەرمان و دەوا بۆ زیاد کردنی (مناعە) یا نەهێشتنی ئەو میکرۆبانە کە تووشی بوون یا ڕێنمای کردنی کە پارێزی بکات لە چەند شتێك یا... دوا چارەش بڕینی ئەو ئەندامە کە هیوای چاکبوونەوەی نییەو دەبێتە هۆی توش بوونی ئەندامەکانی تری جەستە بەو نەخۆشییە، وەك چۆن عەرەب دەڵێ (آخر العلاج الكي) واتە دوا چارەسەر کردن بریتییە لە داخ کردن.

٢-چارەسەری ئەو کەسانەی کە زێدەڕەوی دەکەن لە ئایندا بە گێڕانەوەیان بۆ (قورئان و سوننەت) بە تێگەیشتنی پیاو چاکانی پێشین وە دەرخستنی ڕاستی کارەکان و چۆنییەتی مامەڵە کردن لە گەڵیدا بە تایبەت بواری بیرو باوەڕی ئیسلامی (العقيدة) بەتایبەت تر مەسئەلەی (التكفير) کە سەرچاوەی هەمووو کارێکی نامۆیە بە ئیسلام.

بڵاو کردنەوەی عقیدەی ئیسلامی ڕاستەقینە لەناو خەڵکیدا بۆ ئەوەی کەس هەڵنەخەڵەتێ بە زێدەڕەوان و کاری خراپ ئەنجام بدەن، هۆکاری سەرەکی لە بڵاوبونەوەی زێدەڕەوی و توندو تیژی، نەبوونی بڵاوبوونەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام وە پەیامەکەی کە ئاینی خۆشەویستی و لێ خۆشبوون و هاوکاری و نەرموو نیانی و دادپەروەری و شارستانییە... لە ناو خەڵکدا بۆیە زێدەڕەوان ئەم هەلە دەقۆزنەوە بۆ بڵاوکردنەوەی بیرو بۆچوونی خۆیان، وە دوا جار شوێنەواری خراپ بە جێ ئەهێڵن لەناو کۆمەڵگادا.

لەبەر ئەم هۆکارە ئەرکی سەرشانی زاناو شارەزایان لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام هەڵسانە بە بڵاوکردنەوەی ئیسلامی ڕاستەقینەو ڕوونکردنەوەی پەیامی خوایی بۆ خەڵکی، وە بە پەرچدانەوەی بۆچوون و بیری تەسکی زێدەڕەوان یان کورت ڕەوان لە ئاینی ئیسلام، بە پەروەردەکردنی خەڵکی لەسەر ئیسلامی ڕاستی دوور لە دەمارگیری و حزبایەتی و کاری توندوتیژی و....

٣-ڕێگرتنی دەسەڵاتدارلە زێدەڕەوی و زێدەڕەوان و جێبەجێکردنی حوکمی خوا لەسەر کەسانی زێدەڕەو، وە دەستگرتنیان لە بڵاوکردنەوەی بیرو باوەڕیان، چونکە هەرکارێك لە سنووری شەرعی خۆی دەرچێت ئەگەر بە ناوی ئیسلامەوە بێت یان بەناوی ئازادیەوە یان بەناوی پێشکەوتنەوە بێت یان

بەناوی (الفن) ەوە بێت یان بەناوی (الأدب) ەوە بێت یان بەناوی (شارستانیتەوە) بێت یان هەر ناوێکی تری ڕەنگاو ڕەنگ کە ببێتە هۆی کاری توندو تیژی و خوێن ڕشتن و نانەوەی ئاشوب و فیتنەو تێکدانی بیروباوەڕی موسڵمانان وە داڕمانی بیرو هۆش و ڕەوشت وە تێك دانی شیرازەی کۆمەڵگاو و وڵات بەرەو نەهامەتی ببات، ئەوە پێویستە لە سەر کاربەدەستان ڕێگری لێ بکەن، چونکە بەرپرسیار دەبن بەرامبەر خوای گەورە لە قیامەتدا، هەروەها بەرپرسیار دەبن بەرامبەر نەتەوەو نیشتمان و مێژوو.

٤-بۆ بەرگری کردن لە هەموو کاێکی توونـدو تیژی وە بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردانە لە ناو کۆمەڵگای موسڵمان، پێویستە لە سەر هەمووان بە گشتی و کاربەدەستان بەتایبەتی کە هاری کاری قوتابیانی عیلم بکەن بۆ نەهێشتنی ئەم بیرو باوەڕو کارانە، ***چونکە هەمو ئەو کارانە بنیات کراون لە سەر تەئویل و شوبهەو تێنە گەیشتن لە دەقە شەرعییەکان*** وە ئەوەی دەتوانێت بەرپەرچی تەئویل چیان و ئەوانەی شوبهە بڵاو دەکەنەوە بداتەوە تەنها قوتابیانی عیلمە، ئەوانەی کە قورئان و حەدیسی (صحیحی) پێغەمبەر (ﷺ) بە تێگەیشتنی پێشینی چاکیان کردووەتە سەرمەشخەڵی خۆیان لە ژیاندا وەدووی قسەو قسەڵۆکێکی هیچ نەزانێك ناکەون.

## کۆتایی

ئێمە لە کاتێکدا دەژین کردەوەی تونـد و تیژی و تیرۆر زۆربەی جیهانی گرتووەتەوە، وە بووە بە نەریتی سەردەم. وە ئەم کارە لەوەیە هەندێك موسڵمان هەڵخەڵەتێنێ وە پاڵنەریان بێت بۆ شوێن کەوتنی ئەم کارە نامۆیە، لە بەر خۆشەویستیان بۆ جیهاد لە پێناوی خوادا، بەتایبەت کە دەناڵێنن لە ژێر کاری نابەجێ و لادانی زۆر لە دینی خواو ستەم کردن و...

بەڵام ئەم هۆیانە نابێت ببێتە هۆکارێك بۆ توونـدو تیژی، چارسەری خراپە بە خراپە ناکرێت وە چارسەری ستەم بە ستەم ناکرێت وە... دەبێت داد پەروەربین لە کارو مامەڵەماندا لەگەڵ دەوروبەرو کێشەو رووداو بەسەرهاتەکاندا وە ڕێگای ڕاست بەرنەدەین (قورئان وسوننەت) چونکە تەرازووی جیاکەرەوەی حەق و ناحەقە، ئیمان و کوفرە، سوننەت و داهێنراوە، زێدەڕەوی و میانڕەوی یە... پێویستە لەسەر موسڵمانان دەست بگرن بە دینی خواوە لێی لانەدەن، وە ئەوەی زێدڕەو بێت یان کورت ڕەو بێت دەبێ وەك

دکتۆرێك چارەسەری دەردەکەی بکرێت وە یارمەتیدەر نەبین بۆ زیاتر زێدەڕەوی یان کورت ڕەوی وە دەبێت خۆشەویستی و رقلێ بوون و برایەتی و هاوکاری و دژایەتی لە بەر خوا بێت.

لە کۆتایدا داواکارم لە پەروەردگاری مەزن ڕێنمایمان بکات بۆ هەموو کارێکی چاکە

وآخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمين

سەرچاوەکان:

١–الإرهاب / زيد المدخلي.
٢–الحكم بغير ما أنزل الله / للشيخ خالد العنبري.
٣–كيف نعالج واقعنا الأليم / کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ابو انس و علي ابن حسين ابو نور.
٤–مظاهر في التكفير والتفسيق اسباب ذلك وعلاجه / د.صالح بن غانم السدلان.
٥–المجلة السلفية / عدد(١–٢).